# کاری ئێوە تەمام شود !

## کەمال ڕەئوف

سەرکردایەتی سیاسی کورد  ئەوەیەکەم جاری نیەو ڕەنگە ودواین جاریشی نەبێت کە لە گەمەسیاسیەکاندا پێیان بووتریێت "کاری ئێوە تەمام شود"هەر لەسەرەتای شۆڕشی ڕزگاری کوردەوە, لەگەڵ بەرەو ڕووبوونەوەی هەر نسکۆ وشکستێکدا ئەو گلەییەمان گوێ لێبووە کە گوایە دۆستەکانمان پشتیان تێکردوین و وەك نەتەوە نەیان کردوین بەخاوەن ماف وخواستی خۆمان دەنا خۆمان کەموو کورتیمان نیە و سەرکردەکانمان لە ئاوی کانیاوەکانی کوردستان شەفافترو بێگەردترو پاکترن ,ئێمە لەنسکۆدا ئەو گلەییانەمان بۆیە لەدۆستەکانمان  هەیە تاکو ئاوی دەموچاوی سەرکردەکانمان بپارێزین ، دەنا دوای  گلەییەکەش ئامادەین درێژە بەو دۆستایەتی و هاوپەیمانێتیە کە بدەین .         لەوکاتەوە کەخەڵکی کورد بەبڕواو بەچاوەڕوانی ئەوی دی جولاوەتەوەو بەئیعازی دەرەکی کاری کردووە و بەهیوا بووە دەرگای ئازادی و سەربەخۆییان   لەدەرەوە لێبکرێتەوە !, لەوکاتانەوە تائەمڕۆ ئەو بزووتنەوەیەو سەرکرادایەتیەکەی بۆچەندین جار بەرەو ڕووی ئەو ساتە مەرگ هێنەرە بووەتەوە کە بەناو" دۆستەکان" لەدواین ساتەکاندا لە بەڵێنەکانیان پاشگەز بوونەتەوەو دەستیان لەپشتی کورد و بزووتنەوە کەی کردۆتەوە , هەربۆیە مێژووی ئەم بزووتنەوەیە لێواو لێوە لە نسکۆ و لەچەندین ڕووداوی  تراژیدی وا  کە نەك هەر حیزب و بزووتنەوەکەیان توشی شکست وهەڵدێر کردووە , بەڵکو خەڵکیش لووتی بەر ڕەقەڵانی  ئەو لەحزە حەریجە کەوتووە کەجگە لەتەسلیم بوون هیچ دەرفەتێکی تری بۆ نەمێنیتەوە و سیاسەتی ئاش بەتاڵ وەك ئەمری واقیع قبوڵ بکات , ئەم گیانی تەسلیمکاری و خۆبچووك کردنەوەیە کەبەشێك لەپانتای بیری کەسایەتی تاکی کوردی پێکدەهێنێت  و هەمیشە لەنێو ئەو بزووتنەوە کوردیەدا لەپشتەوە بەسرنجی ئاین و عەشیرەت و ئایدلۆژیای تاك پەرستی سەرکردەو حیزب , نەوەی نوێ پێی تەلقیح دەکرێ وەك هەوێنی مەین و چەق بەستن دەکرێتە لەشمانەوە و لەدژی هەر خوێندنەوەو تێگەیشتنێك دەوەستێتەوە کەبەو کلتورە نامۆ بێت , ئەو کلتورە کەلەکورتکراوەیدا ئەوەیە کە کەحیزب جێگەی نەتەوە دەگریتەوە و سەرکردەش جێگەی حیزب و تەواوی ئەندامان پردەکاتەوەو لەئاکامدا کەسایەتی سەرکردە و منالەکانی ئوتوماتیکی دەبنە میراتگرەوەی نەتەوە وخاوەن بڕیاری ڕەهاو لەجیاتی هەموان بڕیار دەدەن و بیردەکەنەوە,  هەرلەوێشەوە یە  دەتوانین بلێن تەنانەت پەرلەمانیش کە بەحساب دەبوو نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستانی بکردایەو دەنگی خەڵکی بە گوێی سەرکردایەتی سیاسی کوردیدا بدایە ,کەچی ئەو یش هەر لەسەرەتاوە چونکە پابەندی ئەو کلتورەبوو ئەو دەزگایەی لێدەرهات کە هیچ ڕایەلێکی لەگەڵ جەماوەردا نەهێشتەوە و توانای خۆتازەکردنەوەی و مافی دەنگدانی لەخەڵك حەرام کرد و بووە خالێکی ڕەش و خانەیەکی مردوو بەلەشی بزووتنەوەکەوە.

سیناریۆی شەڕی ئەم دوایانەی ئەمریکا کەبەشێك لە بەهانەکانی هەڵگیرساندنی مەسەلەی نەبوونی  دەسەڵاتی دیموکراتی   و نائارامی بوونی ناوچەکە ونەهێشتن وکۆتایی پێهێنانی سەرچڵی ولاساریەکانی ڕژێمی بەعس بوو , بەڵام هەر لەسەرەتاوە  ئەو سیناریۆیە بەوە خۆی مەحکومی فەشەل کرد , کە ئەکتەرەسەرەکیەکانی ناو سیناریۆکەی لەو ئۆپۆزیسۆنە تەقلیدیەی سەدام پێکهێنرا کە بۆ هەمووشتێك ئەبوون جگەلە ئیدارەکردن و بەڕێوەبردنی دەوڵەت بەشێوەی دیموکراتی و مەدەنی,چونکە  ئەوان لەسیاسەتدا  هەمووشتێکیان قبوڵ بوو جگە لە مەدەنی بوون و ئازادی و دیموکراتیەت و کرانەوە , ئەوان کەپێشتڕلای خەڵك  بەوە مەحکوم کرابوون کە ناتوانن ئەلتەرناتیڤیکی گونجاوی بەعس بن و  تەنها بۆ کاری کلتوری میلی و مۆزەخانەی سیاسی دەگونجێن نەك بۆ کارو باری دەوڵەتو بەڕێوەیردنی حکومەتی عەلمانی ودیموکراتی و بەمەدەنی کردنی کومەڵگە , ئیترئەستەم بوو لەو سیناریۆیەدا واچاوەڕوان بکرێت کە ئەوان بەشی پێشرەو و هوشیاری کومەڵانی خەڵکیان لەگەڵدابێت . هەربۆ دەرکەوت ئەمریکا لەم سیناریۆیەیدا هەرچەندە بەئاسانی توانی دەسەڵاتی بەعس بروخێنێت , بەڵام ئەوەی کە نەی کردو نەی توانی تیاسەرکەوتووبێت ئەوەبوو کەخۆی‌لای خەڵکی ناوچەکەو جیهان وەك فریادڕەسێکی دیموکراتی  بسەپێنێت و دەسەڵاتێکی مەدەنی و دیموکراتی لەعێراق دامەزرێنێ , بەجۆرێکی تر شکستی ئەمریکا لەو شوێنەوە دەستی پێکرد کەنەی توانی بۆ ئەم سیناریۆیەی سەرنجی خەڵکی مەدەنی ودیموکراتی لەناوەوەی عێراق بۆ خۆی ڕاکێشێت و بیانکاتە بەدیلی سیاسی بەعس ,ئێمە لەوێوە هەستمان بەشکست کرد کەئەمریکا سازشی لەگەرانەوەی بەعسیەکاندا کردو ئامادەی نیشان دا گوێ لەحەوزە ئاینیەکان بگرێت و دانوستان لەگەڵ موقتەدادا بکات  ,  وەلەڕووی دەرەکیشەوە   نەی توانی وەك سەردەمی جەنگی ڕزگارکردنی کوێت و جەنگی ئەمدواییانەی ئەفغانستان و شەڕلەدژی پاشماوەکانی بلۆکی شەرقی جاران هاوپەیمان و شەریکی سیاسی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

وسەربازی لەدەوری خۆی گردو کۆبکاتەوە,هەربۆیە لەئاکامدا نەك عێراقی بۆ ئارام نەکرایەو ناوچەکەی لەمترسی نەپاراست بەڵکو سەرتاپا پاشەکشەی بەو دەنگانەش کرد کە کەمتازۆرێك مەیلی عەلمانی بوون و دیموکراتی بونیان هەبوو, ئەو لەم سینارۆیەیدا کە ناتۆ و حەلیفەکانی خۆشی بەتەواوی پێی ڕازی نەکرا و بەجدی کۆمەکیان نەکرد , تەنانەت ئەوەندە بەتاك کەوتەوە تاولاًتێکی وەك تورکیاش بەو حاڵەی خۆیەوە لە بێگوێی کردنی ئەمریکای هاوپەیمانی نەسڵەمیەو و ڕێگەی نەدا کەهێزە سەربازییەکانی لەخاکی ئەوەوە داخڵ بەخاکی عێراق ببن بۆ چەنگ , کەچی ئێمەی کورد لەهەموو ئەولایەنانە زیاترو باشتر لەو سینارۆیەدا چووینە پێشەوەو بەبێ ئەوەی ئاوڕێك لەو هەموونسکۆیەی ڕابردووبدەینەوە , بەبێ ئەوەی پێ لەسەر بەندێك داوایەکی سیاسی ومیلی داگرین ! بەخێرایی بەدەوری کۆمباسی ئەو سینارۆیە ڕازی بووین و وەك ئەو ئەکتەری فلیمانەی کە هەرلەسەرتاوە دەردەکەون و ئیتر دیارنامێنن , ئێمە کەپێشتر لەسیناروێوکەدا لەپێشەوەی پێشەوە دەر دەکەوتین و چاوی کامێرامان دەخرایە سەرو لەهەموان زیاتر لەبەرچاوان دەرکەوتین و بەخێرایش دەورمان کۆتایی پێهات ,ئێمە لەوێدا دەورمان کۆتای هات کەتادواین ساتەکانی شکستەکە سەرکردایەتی کوردی بێدەنگی هەڵبژاراد ,ئێمە لەوێدا دەنگمان کەوتە ژێرەوە کە حیزبی کوردی لەجیاتی خەڵك بڕیاری دا , سەرکردایەتی کوردی ئەگەر بیوویستایە ڕاستەیەکان ئاشکرابکات دەبوو ئەوان سەرەتاو لەپێش هەر کەسێکەوە بیانووتایە , کەبە هێزە ئیسلامیەکان و بە پیاوانی دەزگای مخابەراتی بەحەوزەی عیلمی شیعەو بەئەقڵ و بیری فیودالی پارتی و یەکێتی دەسەلاًت و حکومەتی عەلمانی دیموکراتی دروست ناکرێت , کە ناشکرێت ئیتر چ پێویستی بەو هەموو پیاهەڵدانە دەکرد؟, چ پێویستی بەو هەموو خۆبردنە پێشەوەیە دەکرد لەو سینارۆیەدا ؟,وەئەگەرئەو بەڕێزانە هەرحەزیان لەدەسەلاًتدارێتی دەکرد خۆ هیچ نەبێت پارتی و یەکێتی لەدوو ناوچەو لەدوودەسەلاًتی هاو شێوە بە دەسەلاًتە عەشایریەکەی ئێستای عێراق بەهرەمەندبوون و کێشەی ئابوری و سیاسیشیان لەگەڵ دەورو بەردا بەرژێمی سەدامیشەوە نەمابوو , پارتی و یەکێتی ئەگەر ڕاستگۆ بوونایە دەرهەق بەخەڵك و بڕوایان بەدەسەلاًتی فیدرالی دیموکراتی و عەلمانی هەبووایەو لەهەوڵی بەدیهاتنی ئاوا دەسەلاًتێکدابوونایە , دەبووخۆیان پێش هەر کەس و لایەنێك لەدەسەلاًتێکی وابەهرەمەند بوونایە و لەم سینارۆیەشدا هەرسەرەتا پێش ئەوەی شتێك بدرکێنن بەئەزموونێکی واوە بەشداریان بکردایە,, ئەوان بەحوکمی ئەزموونە سیاسیەکەیان و بەحوکمی نزیکی وئاشنایەتیان لەگەڵ ئەو ئۆپۆزیسۆنەی کەتەپوتۆزی جەنگی دووەمی جیهانی بەشان وملیانەوە ماوە دەبوو پێش لەهەرکەسێك ئەوان بهاتنایەتە گۆ و بیان ووتایە ئاسۆی ئەم سینارۆیە ناڕۆشنەو خەڵکیان لەوەئاگادار بکردایەتەوە تاکو لەسەر ئایندەی خۆیان تەسمیم بگرن بریاربدەن , ئەوان کەئەوەناکەن و تادواین ساتەکانی حەریج بوون خۆیان بێدەنگ دەکەن و دواتر لەو پەرلەمانەوە کە بەس ئەکتیفی پەرلەمانتاری تیانیە و زیاتر وەك دیوەخانێکی حیزب و کۆمیتەیەکی تەنفیزی حیزب کاردەکات ، بەناوی هەمووخەڵکەوە بڕیاردەدەن وشکست وەك دەستکەوت سەیر دەکەن وقبوڵی دەکەن , ئیتر دەبێت خۆشیان بۆ ئەوە ساتە حەریجەش ئامادەکەن , کە ئەم جارە نەك هەر لەلایەنە دۆست و هاوپەیمانەکانیانەوە پێیان بووتری کاری ئێوە ئیتر" تەمام شود" , ڕەنگە ئەم جارە لەلایەن جەماوەرو خەڵکی کوردیشەوە پێیان بووترێت بەڕێزان ئیترکاری ئێوە "تەمام شود" .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com